https://doi.org/10.54809/jkss.vi4.141
گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیییجی
Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# دەربڕینی فۆنەتیکییانە و رۆڵی لە گۆڕانە دەنگییەکان و لە خستنەوەی کەرەستەی نوێ دا

**م. ی. ئارام عەبدولواحید حەمەڕەشید**
کۆلیژی ئەندازیاریی- زانکۆی سلێمانی
aram.hamarashid@univsul.edu.iq

**پ. د. هۆگر مەحموود فەرەج**
بەشی زمانی کوردیی- کۆلیژی زمان- زانکۆی سلێمانی
hoger.faraj@univsul.edu.iq

## پوختە

ئـەم توێژینەوەیـە، لـە سـۆنگەی هەلومەرجـی فۆنۆلۆژیـی زمانـی کوردییـەوە، لێکۆڵینـەوە لەسـەر کاریگەریـی فۆنەتییـک دەکات، کـە لـە دەربڕینەکانیـدا رۆڵـی لـە گۆڕانیـی دەنگیـی و درووسـتکردنی کەرەسـتەی نوێـی زمـان دا هەیـە، کـە دەنـگ بـۆ وشـەی نـوێ و سـازکردنی وشـەی سـادە لـە وشـە داڕێـژراو و لێکدراوەکان یاخـود بنەچـە ناسـادەکان دەرەخسـێنن. ئـەم کـردە زمانییـە ئاڵـۆزە بەردەوامـە مێژیینەیـە، لـە ئەنجامـی کاریگەریـی گـۆڕان و کەوتنی هەنـدێ دەنگەوە سـەرهەڵدەدات و، دواجـار رۆڵـی جۆشـخواردنی کەرەسـتە نوێیـەکان لـە گەیاندنـی واتـای درووسـت چ بـە ئاخاوتـن و چ بـە نووسـین پیشـاندەدات. سـەروبەری ئـەم کـردە سرووشـتییە کاتخایەنـە بەپێـی رێبـازی پەسـنیی شـیکاریی لـە پێنـج پـاردا روونکراوەتـەوە و، شرۆڤـەی بەڵگـەی زمانیـی بـۆ کـراوە و شـێوازی بەکارهێنانەکانیشـی لـە ئاخاوتـن و نووسـین دا، بەنموونـە هێنراونەتـەوە. توێژینەوەکـە زیاتـر تیشـکی لەسـەر گۆڤـەری سـلێمانییە و هەندێکجـار بەپێـی پێویسـت زارەکانـی تریـش بەکارهاتـووە. دواجـار ئەنجامەکانـی ئـەم شرۆڤـە و لێکدانەوانـە، گەیشـتوون بـەوەی کـە دەربڕینـی وشـەکان پابەنـدن بـە بەرجەسـتکردنی ئەلۆفۆنـی فۆنیمەکانیانـەوە، وەک دەبینرێـت کـە گـۆڕان لـە وشـە داڕێـژراو و لێکـدراوەکان لـە زارە کوردییەکانـدا وەک یـەک نیـن، کـە بـە ئەنجـام کاریگەرییـان لەسـەر دەرخسـتنی پێکهاتەدەنگییـە گـۆڕاوەکان هەیـە، وەک ئـەوەی کـە زیاتـر لـە وشـەیەک یـان زیاتـر لـە واتایـەک بگەیەنـن. هەروەهـا سـەرنجەدرێت لـە هەندێـک لـەو گۆڕاوانـەدا، بنەچـەی وشـەکان خۆیـان وەک پێویسـت ئاشـکرانین، لەبریـی ئـەوە وشـەی سـادە بەرهەمدەهێنـن. زیاتـر لەمەیـش، لـە جۆشـخواردنی فۆنەتیکییانـەدا، زۆر گرنگـە کـە وریایـی هەبێـت بـۆ ئـەوەی دوو کەرەسـتەی زمانیـی لەیـەک رسـتەدا، لـە نووسـینیاندا لێکـترازان روونـەدات، چونکـە ئـەم بـارە دەبێـت بـە هەڵەدابـردن و لەباربردنـی واتـا مەبەسـتدارەکەیان.

**کلیلە وشەکان: فۆنیم، جۆشخواردنی فۆنەتیک، کەڵەهێزی وشە، گۆڕانی وشە، وشەی سادە.**

Recieved: 4/4/2022
Accepted: 24/6/2022


E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

## پێشەکیی:

ئـەم لێکۆڵینەوەیـە سـەبارەت بـە لایەنێکـی زمانـە، کـە ڕۆڵێکـی بەرچـاوی لـە ئەوگۆڕانانـەدا هەیـە، کـە لـە ئاسـتی دەربـڕاوە زمانییەکانـدا، بـە تایبـەت لـە وشـەکاندا ڕوودەدەن و، دەبنـە هـۆی ئـەوەی کـە زۆرجـار بنەچـەی وشـەکان بـە ئاسانی پەییـان پێنەبرێـت، کـە چیـی بـوون و چـۆن ڕێچکـەی گۆڕانیـان گرتـووە. دەربڕینـی فۆنەتیکیـی گوزارشـتەکان، لەناویشیاندا بـە دیاریکراویـی وشـەیە، کـە وادەکات هەمیشـە بەپێـی ڕۆژگار بـە تایبەتیـش لـە هەندێـک بـاردا بەپێـی ئـەو بنەمایـەی، کـە زمـان هەمیشـە لـە هەوڵـی ئەوەدایـە، بـە زووتریـن کات و بـە کەمتریـن ئـەرک، زۆرتریـن بیـر لـە قسـەکەرەوە بـۆ گوێگـر یاخـود گوێگـران بگوێزێتـەوە. ئـەم بنەمایـەش وادەکات، کـە کەرەسـتە زمانییـەکان لـە پێنـاوی ئاسـانکاریی دەربڕینـدا، لـە بڕگـە و دەنگەکانـدا، خسـتنەپاڵیەک و گـۆڕان و جۆشـخواردنیان لـە نێوانـدا بکرێـت، لـە هەندێـک باریشـدا دەنـگ بـۆ نـاو پێکهاتـەی دەنگیـی کەرەسـتەکان بهێنرێتەئـاراوە، لـە کاتێکـدا، کـە ئـەو دەنگانـە دەنگـی سـەر بـە کەرەسـتە زمانییەکـەش نیـن.

ئـەم لێکۆڵینەوەیـە بـە پێـی ڕێبـازی پەسـنیی شـیکارییە و، کەرەسـتەکان بـە پلـەی یەکـەم کرمانجیـی ناوەڕاسـت و دەڤـەری سـلێمانی ڕەچاوکـراوە، بـەڵام بـە پێـی پێویسـتیی لێکۆڵینەوەکـە، هەندێکجـار پەنابراوەتـە بـەر زارەکانـی تریـش. توێژینەوەکـە بـە یـەک بـەش و چەنـد پارێـك بابەتەکـە دەخاتـەڕوو، بەمشـێوەیە:

یەکەم: فۆنێمەکانی زمانەکان بە گشتیی و هەندێک هەلومەرجی فۆنۆلۆژیی زمانی کوردیی.

دووەم ، بریتییە لە: کەوتن و گۆڕان و ڕۆڵیان لە جۆشخواردن و پێکهێنانی دەنگیی وشەی نوێدا.

سێیەم: کاریگەریی گۆڕان و کەوتنی دەنگ و ڕۆڵی لە سازکردنی وشەی سادە لە وشەی لێکدراو.

چوارەم: گۆڕان و کەوتنی دەنگ و ڕۆڵی لە سازکردنی وشەی سادە لە وشەی دارێژراو.

پێنجەم: ڕۆڵی جۆشخواردنی کەرەستە زمانییەکان لە گەیاندنی واتای دروستی وتراو و نووسراودا.

لـە کۆتاییشـدا، بـە چەنـد خاڵێـک ئەنجامەکانـی لێکۆڵینەوەکـە خراونەتـەڕوو، بـە دوایـدا لیسـتی سـەرچاوەکان و دواتـر کورتـەی لێکۆڵینەکـە بـە زمانـی عەرەبیـی و ئینگلیزیـی پێشکەشـکراون.

## پاری یەکەم/

### فۆنێمی زمانەکان بەگشتیی و هەندێک هەلومەرجی فۆنۆلۆژیی زمانی کوردیی:

زمـان هەمیشـە لـە گۆڕاندایـە، ئـەو گۆڕانـەش چەنـدان شـێوەی هـەن. هیـچ زمانێکیـش لـە ئـەم تایبەتمەندییـە بـەدەر نییـە. زمـان لـە لایەنـی ڕێزمانـەوە لـە مۆرفێـم و وشـە و دەسـتەواژە و ڕسـتە و ...تـاد، پێکدێـت، ئـەم کەرەسـتە زمانییانـەش لـە لایەنـی دەنگـەوە، لـە فۆنێـم و دەنـگ و بڕگـە و ڕەوە-بڕگـە پێکدێـن، کـە بـە خسـتنەپاڵیەک کەرەسـتە زمانییـەکان درووسـتدەبن. واتـە بەپێـی سرووشـتی هـەر زمانێـک، ڕێژەیـەک فۆنێـم هـەن، سـەرجەم زمانەکانـی جیهـان، لـە لایەنـی دەنگـەوە، لـە نێـوان (١١ - ٦٧) فۆنێـم بەکاردەهێنن.(محەمـەد مەعـروف فەتـاح،١٩٩٠:١٤) واتـە زمـان هەیـە، دەربڕینـە زمانییەکانـی تەنیـا بـە (١١) فۆنێـم دەنوێنێـت، هەیشـە، بـە (٦٧) فۆنێـم دەینوێنێـت. بـەو واتایـەی زمـان هەیـە، لـە (٦٧) سـازگەی دەنـگ سـوود وەردەگرێـت، کـە ئەمـە ئەوپـەڕی ئـەو فۆنێمانـەن، کـە لـە زمانێکـدا هەبـن. کەمترینیشـی، تەنیـا(١١) سـازگەیە. واتـە ئەمەیـان کەمتریـن ژمـارەی فۆنێمـن، کـە زمانێکیـان پێبخرێتـەکار.

زمانی زۆریش هەن، کە هەر یەکە و لە ڕێژەیەک لە ئەو سازگانە سوود دەبینن. واتە فۆنیمەکانیان لە نێوان ئەو دوو ژمارەیەی فۆنێمدان. بۆ نموونە زمانی کوردیی لە (٣٦) سازگە کەڵک دەبینێت. بێگومان لە زمانەکاندا، جگە لە فۆنێم، لە دەنگیش کەڵک دەبینرێت، بەڵام ئەو دەنگانە فۆنێم نین، چونکە تایبەتمەندیی فۆنێمییان نییە. راستە، کە فۆنێمەکان هەموویان دەنگن، بەڵام دەنگەکان هەموویان فۆنێم نین. دیارە لێرەدا مەبەستمان دەنگە زمانییەکانە.

بۆ نموونە لە زمانی کوردیی دا دەنگەکانی هەمزە (Glottal stop) و تەنانەت [ ص ] و لە هەندێک زار و گۆڤەری کوردیی دا [ط] و [ ظ ] و بگرە [ ث ] یش دەبیسترێت،(١) بەڵام ئەمانە فۆنێم نین و تەنیا دەنگن (غازی فاتیح وەیس،١٩٨٤:٦٠-٦٢)، چونکە تێیاندایە، کە ئەگەر لە وشەشدا گۆنەکرێن، ئەوا ئەو وەلانانەیان نابێت بە هۆی گۆڕانی واتای وشەکە، وەک دەنگی هەمزە، کە لە وشەکانی: (ئاو ، ئەو ، نەء ،...) دا، ئەگەر گۆنەکرێن، هیچ لە واتای وشەکان ناگۆڕێت، چونکە ئەو دەنگە فۆنێم نییە. واتە ئەگەر لە بریی(ئاو ، ئەو ، نەء) بڵێین: [ او - aʊ ، ەو - əʊ ، نە- nʌ ] (٢)، ئەوا واتای وشەکان هەمان واتا دەبن. خۆ ئەگەر هەمزە لە ئەو وشانەدا فۆنێم بووایە، ئەوا واتاکەیان دەگۆڕا. بۆنموونە ئەگەر فۆنێمی/ ن / لە وشەکانی (ناو ، نەو ، ناخ) دا گۆنەکرێن، ئەوا وشەکان واتایان دەگۆڕێت و دەشێت واتای نوێ بگەیەێنن، وەک: [ او - aʊ ، ەو- əʊ ، اخ - æx ].

یاخود کاتێک، کە لە گۆڤەری سلێمانی دا دەوترێت: (صەد، صەموون، صەگ)، ئەوا ئەمانە تەنیا ئەلۆفۆنن، نەک فۆنێم، چونکە گۆکردنەکەیان بگۆڕەوە بە (سەد ، سەموون ، سەگ)، هیچ لە واتای وشەکان ناگۆڕێت. هاوکات فۆنێمەکان پۆلێنکردنی خۆیانیان هەن، وەک ئەوەی هەر زمانێک دەبێت لەناو فۆنێمەکانیدا فۆنێمی بزوێن (vowel) یش هەبن، هەروەک چۆن نەبزوێن (Consonant) هەن، چونکە نەبزوێنەکان بەهۆی بزوێنەکانەوە لە وشە و بڕگە دا دەردەبڕدرێن، واتە بڕگە بەبێ بزوێن نابێت. دەتوانین بڵێین بە پێچەوانەشەوە هەر راستە، بزوێنەکانیش بە هۆی نەبزوێنەکانەوە دەردەبڕدرێن.

هاوکات خودی نەبزوێنەکان بۆ دوو چەشن دابەشدەبن، کە ئەوانیش دەنگە نەبزوێنە گڕەکان و نەبزوێنە کپەکانن. مەبەست لە گڕ، ئەو فۆنێمانەن،کە لەرەی ژێدەنگیان لەگەڵدایە، بەڵام کپەکان ئەو لەرەی ژێدەنگانەیان لەگەڵدا نییە.(محەمەدئەمین هەورامانی،١٩٧٤:٣٦-٣٨) نەبزوێنە گڕەکان لەو تایبەتمەندییەیاندا لە دەنگە بزوێنەکان دەچن، چونکە بزوێن بە سرووشتی خۆیان سەرجەمیان لەرەی ژێدەنگیان لەگەڵدایە و بەربەستیش لەکاتی درکاندنیاندا لە ئارادا نییە. پێشتر وتمان، کە زمان بەگشتیی هەمیشە لە گۆڕاندایە، هەر بەو پێودانەش وشەکانی زمان، چ لە لایەنی فۆنێم و دەنگەکانیانەوە، چ لە لایەنی پێکهاتە برگەیی و وشەییەکانیانەوە، شێمانەی گۆڕانیان هەیە.

ئەم دیاردەیەش شتێکی گشتییە و لە زمانانی تریشدا نموونەی هەن، هەر بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزیی دا، کە لەگەڵ زمانی سویدیی دا خزمایەتیی هەیە، کەچی دەبینین وشەکانی (Knee) و (Knife) بە (نی) و (نایف) گۆدەکرێن، واتە دەنگی [ K ] گۆناکرێت، کەچیی لە نووسیندا پیتی(ک) یش دەنووسرێت. جا هەمان ئەو دوو وشەیە لە سویدییشدا هەن، کەچی بە (Knee) و(Kniv) گۆدەکرێن و هەر بەو چەشنەش دەنووسرێن.(غازی عەلی خورشید،١٩٩:٢٠١٠).

لایەنی وشەسازیی کوردیی، بەپێی پێڕەوی سرووشتیی خۆی، سێ جۆر پێکهاتنی وشەیی هەیە، کە یەکەمیان بە سادە ناودەبرێت و دوانەکەی تر لە ئاکامی لکاندن یاخود خستنەپاڵیەکی کەرەستەکان ساز دەبن، کە ئەوانیش

وشەی داڕێژراو و لێکدراون. هەرچیی لێکدراوەکەیە، ئەوە خستنەپاڵیەکی دوو وشەی سادەن، چ بێ یاریدە و چ بە یاریدەی ئینتەرفێکس (ئەورەحمانی حاجی مارف، ١٩٨٦:١٣٣). هاوکات بۆچوونێکی تریش هەیە پێیوایە وشەی لێکدراو لە دوو کەرت پێکدێت، کە دەشێت سادە یان ناسادە بن، وەک (داربەڕوو ، دەستبەکاربوون) یاخود سەربەخۆ یان ناسەربەخۆ بن، وەک (مارماسی ، ماسگر). دکتۆر محەمەد عومەر عەول لە نامەی ماستەرەکەیدا ئاماژەی بەوە داوە ((بناغە جگە لەوەی مۆرفیمی سەربەستیش دەگرێتەوە، چاری گیروگرفتی ئەو جۆرە وشانەش دەکات، کە لێکدراون، هەرچەندە بناغەیەکیان (یان هەردووکیان) مۆرفیمی سەربەست نین، بەڵکو مۆرفیمی بەند یان وشەی ئاڵۆزن، کە وەک بناغەیەک بەشداری رۆنانەکەیان کردووە)).(محەمەد عومەر عەول،٢٠٠١:٣٢٢)(٣) ئەو وشانە بەر لە خستنەپاڵیەکیان لە وشە لێکدراوەکەدا، هەریەکەیان واتای سەربەخۆی خۆیی هەبووە، بەڵام کاتێک دەچنەپاڵیەک، یاخود پێکەوە دەلکێن، ئەودەم کارلێکی واتایی دێتەئاراوە، کە مەرج نییە هەمیشە پێوەندیی بە واتای پێشوویانەوە هەبێت. لێرەدا دروست لە لایەنی واتاوە وەک کیمیا وایە، چونکە لە کیمیادا کاتێک گەردەکانی دوو رەگەزی جودا بە یەکدەگەن و کارلێکدەکەن، ئەوا پێکهاتەیەکی نوێ دێتەکایەوە، کە جیاوازە لە پێکهێنەکانی هەر یەک لە دوو رەگەزە کارلێککردووەکە.

سەبارەت بە وشەسازییش، دەکرێت بڵێین هەر بە ئەو چەشنەیە، چونکە هەروەک چۆن گەردەکانی ئۆکسجین و هایدرۆجین بە رێژەی جودا یەکدەگرن، کە بە دوو گەردی هایدرۆجین و گەردێکی ئۆکسجین، ئاو دروستدەبێت، کە نە هایدرۆجینە و نە ئۆکسجین. پێکهاتەی وشەیی و واتاییش هەر وایە، چونکە وشەکان هەریەکەیان لە رێژەیەک فۆنێم پێکدێن. کاتێکیش بەپێی پێڕەوە وشەسازییەکەی زمانی کوردیی، دەچنەپاڵیەک، ئەوا مەرج نییە ژمارەی فۆنێمەکانیان، تەنانەت بڕگەکانیشیان وەکو یەک بن، چونکە دەشێت وشەیەکی لێکدراو، یەکەمیان لە چوار فۆنێم و دووەمیان لە دوو یاخود سێ فۆنێم بن، وەک وشەکانی (دارخورما، مارماسی ، قۆخهەنجیر ، ...تاد) ، بەڵام دوای ئەو کارلێکە وشەیی و واتاییە، واتایەکی نوێ، پێکهاتەیەکی نوێ دێتەکایەوە،کە لە پێکهێنەکانی جیاوازە. ئەم بۆچوونە بۆ وشەی داڕێژراویش، هەر وایە، چونکە لە وشەی داڕێژراودا وشەیەکی سەربەخۆی سادە لەگەڵ پێشپرتکێک یاخود پاشگرێک، یاخود دەگونجێت وشەی داڕێژراو لە وشەیەکی ناسەربەخۆ یان ناسادەش پێک بێت، وەک (زانا ، نەخۆشی). هەر لەمڕووە پرۆفیسۆر دکتۆر محەمەد مەعروف فەتاح دەڵێت: ((وشەی ئاڵۆز لە ئەنجامی لێکدانی وشەیەکی سەربەخۆ و گیرەکێک یان زیاتر پێکدێت و گیرەکان لە جۆری رێزمانین یان داڕشتن))(محەمەد مەعروف فەتاح،١٩٩٠:٩٤). ئەو دەم بە ئەو چوونەپاڵیەکەی ئەو کەرەستانە، وشەیەکی نوێ بە واتایەکی نوێوە دروستدەبێت، کە هەندێکجار نەک هەر تەنیا کارلێکە وشەیی و واتاییەکەی لێدەکەوێتەوە، بەڵکو هەندێک جار کارلێکێکی دەنگییش سەرهەڵدەدات، کە بە هۆیەوە پێکهاتەی فۆنێمێتی وشە داڕێژراوەکە دەگۆڕێت.

## پاری دووەم/

### کەوتن و گۆڕان و رۆڵیان لە جۆشخواردن (٤)و پێکهێنانی دەنگیی وشەی نوێ دا:

<u>کاتێک، کە پێکهاتە</u>ی دەنگیی وشە، کەوتن و گۆڕانی بەسەردا بێت، ئەوا هەرچەندە ئاستی واتایی وشەکە

٣٣- دکتۆر محەمەد عومەر لە هەمان لاپەڕەدا لە بارەی وشەی لێکدراوە ئاماژەی بە پێناسەیەکی کاتامبا داوە،کە لە کتێبی مۆرفۆلۆژییەکەیدا دەڵێت: (( وشەی لێکدراو بە لایەنی کەمەوە دوو بناغەی تێدایە، کە هەر دووکیان وشەی تەواون، یان بە لایەنی کەمەوە ڕەگن)). (١٩٩٣:٥٤,Katamba)

٤٤- جۆشخواردن وشەیەکی رەسەنی کوردییە و لە ئاکامی تێکەڵکردنی دوو کانزا یان کەرەستە پێکدێت، بەمەش دەوترێت جۆشخواردن و هەندێکجاریش ئاوێتەبوون بەکاردەبرێت. ئەوەی بۆ ئەم وشەیە مەبەستە، ئەوەیە کە جیاکردنەوەکان بۆ پسپۆڕ لە لایەنی زماندا نەبێت ئاسان نابێت، هەروەک چۆن جۆشخواردنی کەرەستە و کانزاکانیش جیاکردنەوەیان ئاسان نابێت.

گۆڕانی بەسەردا نەیەت، بەڵام پێکهاتەی دەنگیی دەگۆڕێت، بە چەشنێک، کە مەگەر پسپۆڕ، ئەگەرنا زۆر ئاسان نییە، کە هەموو قسەپێکەرێکی زمانەکە پەی پێبەرێت. بۆ نموونە وشەیەکی وەک: (جامانە ، دراوسێ ، شلەتێن ،... تاد)، ئەگەر لە پێکهاتەی وشەی(جامانە) بڕوانین، کە فۆنەتیکییانە لە گۆڤەری سلێمانیی دا، ئەو چەشنە گۆدەکرێت، کەچی هەر ئەو وشەیە لە گۆڤەری هەولێر یاخود سۆران دا بە (جامەدانی) گۆدەکرێت، ئەوا دەبینین وشە بنچییەکە، کە (جامە) یە(٥) لە هەر دووگۆڤەرەکەدا وەک خۆی ماوە، کە لە کوردیی کۆن دا بە واتای پۆشاک هاتووە. جا لە گۆڤەری سلێمانیی دا مۆرفێمی (- دان)، کە پاشگرێکە و واتای شوێن یان جێگەی شت دەگەیێنێت، وەک: (شەکردان ، خوێدان ، گوڵدان ، ... تاد)، بەڵام لە بە دواداهاتنی(جام)دا، بە واتای ئەو پارچە کۆتاڵە (٦) هاتووە، کە جلوبەرگی تێدا هەڵگیراوە، واتە بە واتای (بوخچە) هاتووە، بەڵام خودی ئەو پارچە کۆتاڵەی، کە جلو بەرگەکەی تێدا بووە، دواتر پێچراوە بە سەرەوە. بەردەوامیی ئەو چەشنە بەکارهێنانە وایکردووە، کە ئیتر لەوە دەربچێت، کە تەنیا بۆ هەڵگرتنی جلوبەرگ بێت، بەڵکو سرووشتی کەڵکدارییەکەی بووە بە هۆی ئەوەی، کە بە واتای ئەو بەشەی جلوبەرگی کوردەواریی بێت، کە لەگەڵ کڵاوی کوردەواریی دا بە سەرەوە دەپێچرێت. بە واتایەکی تر وەک مشکیی بەکاربێت.

کەسانی خاوەن پێگەی کۆمەڵایەتیی و دەوڵەمەندی کورد، رۆژگارێک هەر دوو کەرەستە پۆشاکییەکەیان پێکەوە لە یەکئاڵاندووە و لەسەریان بەستووە. کەواتە دەکرێت بڵێین لە گۆڤەری سۆران دا وشەکە وەک خۆی ماوەتەوە و گۆڕانی دەنگیی بە سەردانەهاتووە، هێندە نەبێت، کە مۆرفێمی (- ی) ی چووەتەسەر، بەڵام لە گۆڤەری سلێمانیی دا، لە ئێستادا گۆڕانی بەسەردا هاتووە، کە ئەویش لە مۆرفێمی (- دان ) دایە، چونکە دەنگی[ د ] کەوتووە، بەوەش دەنگی[ ه - ʌ ] ی وشەی جامە چووەتە پاڵ دەنگی [ ا - æ] ی مۆرفێمی(- دان)، کە هەر دووکیان بزوێنن، ئەوەش بووتە هۆی ئەوەی بزوێنە بەهێزەکە، کە [ ا- æ] یە، بزوێنی کورتی[ ه - ʌ] ئێستا لەناوبچێت، ئەگەرچی ئەمە لە قۆناغێکدا لەناونەچووە و وەک دیفتۆنگ (Diphthong) گۆکراوە. واتە بە (جامەانە -Cameane) دەربڕاوە، بەڵام لە زمانی کوردیی دا خستنەپاڵیەکی دیفتۆنگ گرانیی خۆیی هەیە، بۆیە لە ئێستادا بزوێنە درێژەکە بزوێنە کورتەکەی لەناوبردووە و، تەنیا بە (جامانە) گۆدەکرێت.  واتە لە وشەی (جامە) تەنیا (جام) ماوەتەوە و لە مۆرفێمی(- دان) یش(- ان) ماوەتەوە، بە دواشیاندا مۆرفێمی (- ه - e) هاتووە، کە بەرامبەرە بە مۆرفێمی (ی- î) ی گۆڤەری سۆران بۆ وشەکە. کەواتە وشەی(جامانە) پێکهاتەیەکی نوێی وشەکەیە، کە لە ئاکامی کەوتن و گۆڕان و جۆشخواردنی دەنگەکانەوە هاتووەتەکایەوە، کە دوو فۆنێمی مۆرفێمەکانی کەوتوون، هاوکات مۆرفێمێکی تری چووەتەسەر، بەوەش وشە نوێیەکە هاتووەتە ئاراوە، کە (جامانە) یە.

هەر بە ئەو پێودانگەش وشەی (دراوسێ)، کە بنەچەکەی لە ئەم مۆرفێمانە پێکهاتووە، کە (دەر + هاو + سایە) ن، کەچیی کەوتن و گۆڕانی دەنگیی بووە بە هۆی هاتنەئارای وشە نوێیەکە، یاخود راستتر بڵێین پێکهاتە نوێیە دەنگییەکەی وشەکە، چونکە هەمان وشەیە، بەڵام لە لایەنی دەنگەوە گۆڕانی بەسەرداهاتووە. کەواتە لە مۆرفێمی(دەر) بزوێنی[ ه - ʌ ] گۆڕاوە بە بزوێنی [بزرۆکە ə ]، هاوکات لە مۆرفێمی (هاو) دەنگی[ هـ ] کەوتووە،

٥٥- وشەی (جامە)، کە وشەیەکی کۆنی کوردییە، لە وشەی (دێوجامە) شدا بوونی هەیە، کە بەو پارچە کۆتاڵە هەمەڕەنگ و پینەپینەیە دەوترێت، کە راوچی بۆ خۆحەشاردان لە کاتی هەندێک جۆری راودا بەکاریدەهێنێت، واتاکەشی(جلی دێوە) ە، چونکە لە چەندان پارچەی جودا جودا پێکدەهێنرێت و هەڵدەدوورێت.

٦ ٦- وشەی کووتاڵ، کە لە ئێستادا بەمشێوەیە گۆدەکرێت، لە بنەچەدا (کۆتاڵ)ە، واتە لە بنەچەدا دوو مۆرفیمە (کۆ + تاڵ)، کە بەتێپەڕبوونی کات گۆڕانی بەسەرداهاتووە و، لە ئێستادا وەک یەک مۆرفیم یاخود وەک یەک وشەی سادە دەردەکەوێت، بەڵام گۆکردنی درووستی وشەکە (کۆتاڵ)ە. هاوکات دەکرێت بڵێین لە زمانی کوردیی دا (تان و پۆ) هەیە، کە لە زمانی فارسیدا بە (تاروپود) ناودەبرێت، کە (تان) لەگەڵ (تار)ە فارسییەکەدا هەر (تاڵ)ە کوردییەکە دەگەیەنێت.

بـەوەش تەنیـا (او) لـە مۆرفێمەکـە ماوەتـەوە. مۆرفێمی(سـایە) ش، کـە خـۆی وشـەیەکی سادەشـە، فۆنێمەکانـی[ æ-ا ] و [ ی- j ] و[ ە - Λ ] نەمـاون و لـە جێگەیـان، تەنیـا فۆنێمـی/ ێ- ê / هاتـووە، یاخـود گـۆڕاون بـە دەنگـی [ ێ- e ]. بـەوەش لـە وشـەی (سـایە) تەنیـا (سـێ) ماوەتـەوە، کـە ئەگـەر لـە وشـەی (هاوسـێ) یـان (دراوسـێ) جیابکرێتـەوە، ئـەوا بـۆ بێئـاگا لـە ئاسـتەکانی زمـان و گۆڕانـە دەنگییـەکان، زۆر گـران دەبێـت، کـە بزانێـت چـۆن پەیدابـووە؟ چونکـە دەربـڕاوی (سـێ) لـە زمانـی کوردیـی دا نـاوی یەکێکـە لـە ژمـارەکان، هـەر ئەمـەش وایکـردووە، کـە بڵێیـن لـە ئاکامـی کەوتـن و گـۆڕان و جۆشـخواردنی دەنگەکانـەوە، پێکهاتەیەکـی نـوێ هاتووەتەئـاراوە، کـە کورتکردنەوەیەکـی لـە لایەنـی دەنگەکانـی بنەچەیـی وشـەکەدا لێکەوتووەتـەوە، بـە ئـەوەش قاڵبێکـی نـوێ دروسـتبووە، کـە لـە فەرهەنگـی زمانەکەدا جێگـەی خـۆی دەگرێـت.

وشـەی (شـلەتێن)، کـە لـە ئێسـتادا لـە کاردایـە و واتـای ئاسـتێکی گەرمـی ئـاو دەگەێنێـت، کـە نـە سـاردە و نـە گـەرم، واتـە (فاتـر- Warm)، جـا ئەگـەر لـە رواڵەتـی پێکهاتەیـی وشـەکە لـە ئەمبـارەدا وردببینـەوە، ئـەوا لـە وشەکانی(شـلە) و(تێـن) دا خـۆی دەنوێنێـت، بـەڵام ئەمـە لـە ئاکامـی گۆڕانـی دەنگەکانـەوە هاتووەتەئـاراوە، چونکـە بنەچەکـەی بریتییـە لـە (شـیر + ە + تیـن)، کـە وشـەیەکی لێکـدراوە لـە (شـیر + ە + تیـن) پێکهاتـووە و دواتـر گـۆڕاوە بـۆ (شـلەتێن). دیـارە ئـەوەش زانـراوە، کـە دەنگـی [ ل ] لـە زمانـی کوردیـی دا نوێیـە، بۆیـە زۆرێـک لـە ئـەو وشـانەی، کـە دەنگـی[ ل ] یـان تێدایـە، دەشـێت بڵێیـن، کـە لـە کۆنـدا بـە دەنگـی [ ر ] لـە زمانـی کوردیـی دا گۆکـراون، کـە دەنگێکـی بنچینەیـی زمانـی کوردییە.(هۆگـر مەحمـوود فـەرەج، ٢٠٢١: ٥٢) هـەر ئـەم هۆکارەشـە، کـە وایکـردووە تـا ئێسـتاش لـە ناوچەکانـی گۆڤـەری سـۆران دا وشـەکانی: ( دووکـەڵ، مـاڵ، ...) بـە (دووکـەر، مـار، ...) گۆبکرێـن. هـاوکات وەک لۆجیکیـش (تیـن)، کـە بـۆ گەرمیـی بەکاردێـت، واتـە بـۆ پەسـنی ئاسـتی گەرمیـی بەکاردێـت، هەرچەنـدە لـە هەندێـک بـاردا وەک هاوواتـای ناتـەواو(Partial Synonym) ی وشـەی (هێـز) یـش بەکاردێـت، بـەڵام واتـا بنجییەکـەی بـۆ ئاسـتی گەرمییـە. هەرچـی وشـەی (تیـن) ەکەشـە، بزوێنەکـەی گـۆڕاوە لـە [ ی ] یـەوە بـۆ [ ێ ]، دیـارە ئـەوەش لـە زمـان دا شـتێکی ئاسـاییە و زۆر وشـەی لـەو ئـەو چەشـنەمان هـەن. کاتێکیـش کـە دەڵێیـن لۆجیـک ئـەوە دەردەخـات، کـە وشـەکە (شـلە) نییـە، بەڵکـو (شـیر)ە و بـە دوایـدا ناوگـری (ە - e) هەیـە و بـەوەش (شـیرەتین) هاتووەتەکایەوە،کـە بەپێـی ڕۆژگار ئـەو گۆڕانانـەی بەسـەرداهاتووە و بـووە بـە (شـلەتێن).(٧)

وشـەیەکی وەک (مریشـک) یـش، لـە بنەچـەدا لـە (مـر+ هـی+ هیشـک) پێکهاتـووە، بـەڵام یەکێـک لـە ئـەو دەنگانـە، کـە لـە زمانـی کوردیـی دا کەوتنـی زۆرە، کەوتـووە، بـەوەش لـە مۆرفێمی(هـی)، تەنیـا [ ی- i ] ماوەتـەوە. هـەر بەئـەو پێودانـەش وشـەکە لـە بنەچـەدا دەسـتەواژە بـووە و دواتـر بـە هـۆکاری کەوتنـی دەنـگ و خسـتنەپاڵیەکی کەرەسـتەکان و پێکەوەلکانیـان، بووەتـە هـۆی دەرچـوون لـە قاڵبـی دەسـتەواژەیی و بووەتـە وشـە، کـە ئەویـش (مریشـک)ە. وشـەی (مـر) وەک وشـەیەکی سـەربەخۆ لـە کوردیـی دا تائێسـتاش بەکارهێنانـی هەیـە و بـە واتـای (مریشـک) دێـت، ئەگەرچی لـە کۆنـدا بـە واتـای (مـەل ، پەلـەوەر) هاتـووە. پێشـتر باسـی ئـەوە کـرا، کـە دەنگـی [ ل ] لـە زمانـی کوردیـدا نوێیـە، کەواتـە وشـەی (مـر)ە گـۆڕراوە بـە (مـەل). ئـەوەی لـە وشـەی مریشـک دەمێنێتـەوە وشەی(هیشـک)ە، کـە بـە واتـای (وشـک) هاتـووە، بـەڵام ئـەوە دەنگـی [هــ] یـە، کـە کەوتـووە و بـەوەش وشـەی (مریشـک) سـەریهەڵداوە، کـە دژواتای وشـەی(مراوی)یە، کـە ئەویـش لـە (مـر) و (ئـاوی) پێکهاتـووە، بـەڵام لەبەرئـەوەی، کـە دەنگـی هەمـزە لـە زمانـی

٧٧- سـەبارەت بـە وشـەی (شـلەتێن)، کـە لـە (شـیرەتین) ەوە هاتـووە، ئێمـە بۆچوونەکەمـان بەپێـی یەکێـک لـە رووکنەکانـی ئیتمۆلـۆژی رەچاوکـراوە، کـە بـە رەمڵێـدان باسـدەکرێت، بـەڵام بەپێـی بـە ئاگابـوون لـە ئاسـتەکانی زمـان. هـاوکات دەبێـت ئـەوە بزانیـن، کـە وشـەی (شـیرەتین) ەکـەش بنەچەکـەی لـە (تیـن) ی (شـیر) ەوە سـەرچاوەیگرتووە. ئاشکراشـە، کـە وشـەی (تیـن) ی کـوردی بـۆ ئاسـتی گەرمـی و هێـز بەکاردێـت.

کوردیـی دا فۆنێـم نییـە، بۆیـە کاتێـک، کـە وشـەکە لەگـەڵ وشـەی (مـر) دا بـە یەکدەگـەن، ئـەوا هەمزەکـە دەکەوێـت و بـە ئـەوەش وشـەی (مـراوی) هاتووەتەئـاراوە، کـە واتـای ئـەو (مـر) ەیە،کـە لـە ئاویشـدا دەژی.(٨)

## پاری سێیەم/

## کاریگەریی گۆڕان و کەوتنی دەنگ و رۆڵی لە سازکردنی وشەی سادە لە وشەی لێکدراو:

لـە زمانـی کوردیـدا، ئـەو دیاردەیـە هەیـە، کـە هەندێـک لـە وشـە لێکـدراوەکان بەپێـی تێپەڕبوونـی رۆژگار، جۆرێـک لـە کەوتـن و گـۆڕان و جۆشـخواردن لـە نێـوان دەنگەکانـی وشـە و مۆرفێمەکانـدا دروسـتدەبێت، کـە پێکهاتەیەکـی نـوێ لـە لایەنـی دەنگییـەوەی لێدەکەوێتـەوە، کـە وەک وشـەیەکی سـادە خـۆ بنوێنێـت، بـە شـێوەیەک، ئەگـەر پسـپۆڕی زمـان نەبێـت، نەتوانرێـت رێبەدیـی بـۆ بنەچـەی ئـەو پێکهاتـە نوێیـە بکرێـت.

دیـارە لـەم لایەنـەوە نموونـەی کـەم نییـە، یەکێـک لەوانـە: وشـەیەکی وەک (سـێبەر)، کـە لـە بنەچـەدا لـە دوو وشـەی سـادە پێکهاتـووە، کـە ئەوانیـش وشـەکانی: (سـایە) و (بـەر) ن، کەواتـە دەبێـت لـە کۆنـدا بـە (سـایەبەر) بەکاربرابێـت. جـا بۆئـەوەی بزانیـن ئـەم گۆڕانـە چـۆن روویـداوە، ئـەوا دەبێـت لـە دەنگەکانـی هـەر یەکێـک لـە دوو وشـە سـادە بنچینەییەکـە وردببینـەوە، بەمـەش بۆمـان دەردەکەوێـت، کـە لـە وشـەی سـادەی (سـایە) دا، سـێ دەنگ،کـە بریتییـن لـە دەنگەکانـی[ ا- æ ] و [ ی- j ] و [ ە - Λ ]، واتـە دەنگـی بزوێن،کـە [ ا- æ ] و [ ە - Λ ] ن، لەگـەڵ نەبزوێنـی [ ی- j ]، بـە هـەر سـێکیان جێگەیـان بـۆ بزوێنـی[ ێ- e ] چۆڵکـردووە، یاخـود لـە بریتـی هەرسـێکیان دەنگـی بزوێنـی [ ێ-e ] هاتـووە، بـەوەش لەوشـەی (سـایە)، کـە وشـەیەکی سـادەی زمانـی کوردییـە، تەنیـا یـەک بڕگـەی ماوەتـەوە، کـە ئەویـش بـە شـێوەی (سـێ) خۆدەنوێنێـت، بـەڵام لـە وشـەی سـادەی دووهەمـی وشـە لێکدراوەکـە، کـە (بـەر) بـوو، وەک خـۆی ماوەتـەوە، بـەوەش وشـەیەکی سـادە سـازبووە، کـە (سـێبەر)ە. ئەمـە وا دەکات کـە لـەو بڕوایەدابیـن، کـە زۆرێـک لـە ئـەو وشـانەی لـە ئێسـتادا بـە سـادەیان دەزانیـن، بڵێیـن دەشـێت لـە بنەچـەدا سـادە نەبووبـن و گـۆڕان و کەوتـن وهاتنەئـارای دەنگـی نـوێ بـۆ نـاو پێکهاتـە نوێیەکەیـان، بووبێتـە هـۆی ئـەوەی، ئـەو جۆشـخواردنە نوێیەیـان بـۆ هێنابێتەکایـەوە.

بێگومـان بـۆ دەرخسـتنی ئـەو ڕاسـتییانە، مەگـەر پسـپۆڕانی ئیتیمۆلـۆژی، بـە پشتبەسـتن بـە سـەرجەم ئاسـتەکانی زمـان، بتوانـن ڕاسـتیی ئـەو لایەنـە دەنگـی و وشەسـازییە لـە زمانـدا دیاریبکـەن. هـەر بـەو ئـەو پێودانگـەش وشـەی (لێشـاو) سـازبووە، کـە لێکـدراوە و لـە وشـەکانی( لێـژ) و (ئـاو) کەوتووەتـەوە. هەرچـی وشـەی (لێژ)ەکەیـە خـۆی وشـەیەکی سـادەیە و واتـای سـەربەرەوخوارکەی هەیـە، کەچـی گـۆڕاوە (لێـش)، کـە دیـارە ئێمـە وشـەیەکمان نییـە، پێکهاتـە دەنگییەکـەی (لێـش) بێـت، کەواتـە ئەمـە لێـرەدا تەنیـا بڕگەیەکـە، نـەک وشـەیەکی زمانـی کـوردی، بـەڵام دەبێـت بزانین،کـە هـۆکاری گۆڕانـی دەنگـی[ ژ ] بـە [ ش ] هـۆی چییـە؟ بـۆ وەڵامـی ئـەوە دەڵێیـن، کـە دەنگـی[ ژ ] دەنگێکـی نەبزوێنـی گـڕە، واتـە لـە درکاندنیـدا ژێدەنگـەکان دەکەونـە لـەرە، بـەڵام دەنگـی هەمـزە، لـە زمانـی کوردیـدا جگـە لـەوەی کـە فۆنێـم نییـە، هـاوکات لـە درکاندنیـدا لـەرەی ژێدەنـگ لـە ئـارادا نابێـت، چونکـە دەنگێکـی کپـە.

نافۆنێمێتـی دەنگـی هەمـزە، وا دەکات ئاسـاییبێت، کـە زۆرجـار لـە وشـەدا بکەوێـت و گۆنەکرێـت. بۆیـە دەبینیـن لـە

٨٨- لـە بنەچـەدا ئـەو (ی) یـە دەنگـی [هــ] یـش لەگەڵدا بـووە، بـەڵام دەنگـی [هــ] کەوتـووە، بەڵگـەش بـۆ ئـەوە کاتێـک پرس لەبـارەی ئەو شـتەوە دەکەیـت، کـە بـە دوایـدا هاتـووە دەوترێـت: هیـی چی؟

وشـەی (لێشـاو)دا بوونـی بەرجەسـتەنەکراوە، بـەڵام کاریگەرییـە کپییەکـەی بووەتـە هـۆی ئـەوەی دەنگـی [ ژ ] لـەرە بـڕ بـکات و ببێتـە [ ش ]، بەمـەش پێکهاتـە بڕگەییەکـەی (لێژئـاو) بـووە بـە (لـێ- شـاو). واتـە نـە ( لێـژ) وەک خـۆی و نـە (ئـاو) وەک خـۆی ماونەتـەوە. هـەر بۆیـە وشـەی سـادەی (لێشـاو) هاتووەتەکایـەوە. لـە زمانـی کوردیـدا نموونـەی لـە ئـەم چەشـنە زۆرن.

## پاری چوارهەم/

### گۆڕان وکەوتنی دەنگ و ڕۆڵی لە سازکردنی وشەی سادە لە وشەی دارێژراو:

پێشـتر لـە هاتنەکایـەی وشـەی سـادە، لـە ئاکامـی گـۆڕان و کەوتنـی دەنگـەوە لـە پێکهاتـەی وشـەی لێکـدراو دوایـن، لێـرەدا لـە هاتنەئـارای وشـەی سـادە لـە ئاکامـی ئـەو گۆڕانانـەوە لـە وشـەی دارێـژراودا، دەدوێین. بـۆ نموونە وشـەیەکی وەک (ساوەر)، کـە لـە گۆڤـەری سـلێمانیدا بـە ئـەم پێکهاتەیـە لـە کاردایـە، کەچـی لـە گۆڤـەری سـۆراندا بـە (سـاوار) بەکاردێـت. جـا خـودی ئـەو جیاوازییـە لـە گۆڤەرەکانـی زاری کرمانجـی ناوەڕاسـتدا وادەکات، کـە بتوانیـن ڕێبەدیـی ئـەو گۆڕانـە بکەیـن، کـە لـە کوێـوە سـەرچاوەیگرتووە.

دیـارە ئێمـە دەزانیـن، کـە وشەی(سـاو) لـە کوردیـدا یەکێـک لـە واتاکانـی (ورد) دەگەێنێـت، کەواتـە ئـەوەی لـە وشەی(سـاوار) لـە دوای (سـاو)ەوە دێـت (ار)ە، کـە تەنیـا بڕگەیەکـە، چونکـە وشـەیەکمان بـە ئـەو پێکهاتەیـە نییـە،(٩) بـەڵام ئەگـەر زانیـمان کـە یەکێـک لـە ئـەو دەنگانـەی زمانـی کـوردی، کـە کەوتنیـان یاخـود گۆڕانیـان لـە زمانـدا بـە دەنگـی دی لـە ئارادایـە و نموونـەی زۆرن، ئـەو دەم دەکرێـت بڵێیـن، کـە ( ار) وەک بڕگەیـەک پاشـماوەی ڕەگـی چـاوگ (هاڕیـن)ە، کـە (هـاڕ)ە ، بـەڵام دەنگـی[ ڕ ] گـۆڕاوە بـۆ [ ر ]، بـەوەش وشـەی (سـاوار) سـەریهەڵداوە، کـە لـە بنەچـەدا (سـاو هـاڕ) بـووە، واتـە گەنمـی (وردە هـاڕ). هەمـان وشـە لـە کرمانجیـی ژووروودا (گۆڤـەری بادینـان)، وشـەی (سـاوەر) بـە (ساڤار) گۆدەکرێـت، کـە ئەمـەش یەکێکـی تـرە لـە گۆڕانـە دەنگییـەکان، کـە لـە نێـوان دەنگـی [ و- w ] ی نەبزوێـن و [ ڤ - v ] ی نەبزوێنـدا ڕوودەدات، نموونـەی تـری ئـەم گۆڕانـەش لـە نێـوان زارەکانـدا کـەم نیـن. بـە هەمـان پێودانـگ وشـەی (پڕتـاو) سـازبووە، چونکـە (پـڕ) وشـەیەکی سـادەی زمانـی کوردییـە و (تـاو) یـش، کـە لـە کوردیـدا چەنـد واتایەکـی هـەن، یەکێـک لەوانـە هاوڕێیەتیـی واتایـی لەگـەڵ وشـەی بارانـدا هەیـە، کـە دەوترێـت: تاوێکـی هێنـا. هەرچـی ئەمـەی وشـەی (پڕتـاو)ە، ئەمـە ڕەگـی چاوگـی (تـاودان)ە، وەک: ئەسـپەکەی تـاودا. دیـارە وشـەی (پڕتـاو) لـە ئێسـتای زمانەکـەدا، وشـەیەکی سـادەیە، بۆیـە هاوڕێیەتیـی واتایـی لەگـەڵ مرۆڤـدا پەیداکـردووە، لـەوەدا، کـە دەوترێـت: دزەکـە بـە پڕتـاو لـە مـاڵ دەرچـوو. یـان : پیاوەکـە بـە پڕتـاو خـۆی کـرد بـە ماڵـدا.

وشـەی (کوێسـتان)، کـە لـە ئێسـتادا وشـەیەکی سـادەی زمانـی کوردییـە، بـەڵام ئـەم وشـەیە بـە هەمـان پێودانـگ دروسـتبووە، بـەڵام پاشوپێشـکردنیش لـە دەنگەکانیـدا ڕوویـداوە، وشـەکە لـە بنەچـەدا (کێوسـتان) بـووە، کـە وشـەیەکی دارێـژراو بـووە و لـە وشـەی سـادەی (کێـو) لەگـەڵ پاشـگری (سـتان) دا، دروسـتبووە. واتاکەشـی شـوێنی شـاخوداخە، کـە ئاسایی ئـەو شـوێنانە لـە کوردسـتاندا، لەچاو دەشـتەکاندا فێنـک و سـاردن. کەواتـە وشـەکە دژواتـای (گەرمیـان) ە و هاوواتـای وشـەی (زۆزان) ی هەیـە، گۆڕانەکانـی وشـەکە لەوەدایـە، کـە دەنگـی بزوێنـی [بزرۆکـە- ə] هاتووەتـە ئـاراوە و لەگـەڵ دەنگـی نەبزوێنـی[ک - k] دا نیمچـە بڕگەیەکـی دروسـتکردووە. ئـەوە لەکاتێکـدا کـە لـە (کێوسـتان

٩ ٩- لـە وشـەی (سـاوار) دا بـە ئاشـکرا دیـارە، کـە ( ار )پاشـماوەی ڕەگـی چاوگـی (هـاڕ)ە، کـە لـە (هاڕیـن) ەوە هاتـووە، بـەڵام لـە وشـەکانی (گوتـار ، ڕەفتـار ، کـردار) دا هیـچ پەیوەندییەکـی بـە (هاڕیـن) ەوە نییـە.

Kêwstan-) دا، لەگـەڵ بزوێنـی[ ێ- ê ] و نەبزوێنـی[ و- w]دا، بڕگەیەکـی (cvc) ی دروسـتکردبوو. لـە (کوێسـتان) دا بڕگـەی دووهەمـی وشـەکە، دەبێتـە (وێـس- wês)، واتـە بزوێنـی [ێ- ê ] مـاوە، بـەڵام چووەتـە دوای نەبزوێنـی [و- w]. هەرچـی دوا بڕگـەی هـەر دوو وشەکەشـە، وەک خـۆی مـاوە، کـە (تـان - tan)ە. لێـرەدا دەبێـت لـە لایەنـی فۆنەتیکییـەوە، ئـەوە بزانیـن، کـە ڕووبـەری دەنگیـی بزرۆکـە، لـە (کوێسـتان - Kiwêstan)دا زۆرکورتـە، بەشـێوەیەک، هەندێـک کـەس گومانیـان لـە بوونـی هەبێـت.

هـاوکات لـە وشـەی (کێوسـتان - Kêwstan یشـدا، کـە بنەچەکـەی دوو بڕگەییـە، هـەروەک لایەنـی وشەسازییەکەشـیی، کـە هـەر وەک وشـەیەکی داڕێـژراو، لـە دوو مۆرفێـم پێکهاتـووە، کـە یەکەمیـان وشـەی سـادەی (کێـو)ە و دووهەمیـش مۆرفێمـی (سـتان)ە، کـە پاشـگرە، بـەڵام خـودی ئـەو وشـە ڕەسـەنەی (کێوسـتان)، زۆرجـار دەکرێتـە سـێ برگـە لـە دەربڕینـدا. ئـەوەش بـەوە دەبێـت، کـە بزرۆکەیـەک دێتـە دوای نەبزوێنـی [ و- w ] ، بـە وەش وشـەکە بـە سـێ بڕگـە دەدرکێنرێـت. کەواتـە دەبێتـە بڕگەکانـی(Kê - wis - tan). دیـارە ئەمـە لایەنـی فۆنەتیکییـە، دەنـا وشـە ڕەسـەنەکە دوو بڕگەیـە، کـە (کێوسـتان / Kêws - tan ) ن.(١٠)

## پاری پێنجەم/

### ڕۆڵی جۆشخواردنی کەرەستە زمانییەکان لە گەیاندنی واتای دروستی گوتراو و نووسراودا:

زۆرجـار وشـەکان کاتێـک لـە ڕسـتەدا بـن، ئەگـەر جۆشـخواردنێک لـە نێوانیانـدا نەبێـت، ئـەوا دەشـێت واتـای ڕسـتەکە تێکبچێـت، جـا ئـەو جۆشـخواردنە وادەکات لایەنـی کەڵە هێز (Primary Stress) ی ئەو وشـانە، دوای جۆشـخواردنەکەی نـاو ڕسـتە، جیـاواز بێـت لـە هێـز یاخـود کەڵەهێـزی هـەر یەکێکیـان بـە جیـا جیـا، هـەر ئـەم بەدەسـتهێنانی کەڵەهێـزە نوێیـەش وادەکات، کـە بڵێیـن کەرەسـتەیەکی نـوێ و واتایەکـی نـوێ  لەنـاو ڕسـتەکەدا هاتووەتەکایـەوە. بـۆ نموونـە ئەگـەر لـە دەقێکـی لـە ئـەم چەشـنە وردبینـەوە، کـە لـە گۆڤـاردا بڵاوکراوەتـەوە، ئـەوا دەبینیـن ڕەچاونەکردنـی ئـەو هەلومەرجـەی لێیدوواین، وادەکات کـە نووسـینەکە بـۆ خوێنـەر واتاکـەی وەک پێویسـت نـەگات. هـاوکات ئەگـەر بخوێنرێتـەوە، ئـەوا هاوڕێیەتیـی کـۆی کەرەسـتەکان ڕەچاونەکرێـت، ئـەوا ناتوانیـن لـە واتاکـەی دڵنیابیـن، کـە دەڵێـت: ((ڕۆژێکیـان کتێبێکـم دەسـتکەوت وام هەسـتکرد گەنجینەیەکـی گەورەیـە، پێشـبینی گەلێکـی تێدایـە، کـە زۆر کـەس لـە وڵاتـی ئێمـە تەمەنـای دەکـەن )).( پلاتفۆرمـی دابڕان،٢٠١٧:٢٦)

ئـەو دەقـە ئەگەرچـی هەڵـەی ڕێنـووس و خاڵبەندیـی تریشـی تێدایـە، بـەڵام ئێمـە تەنیـا ئـەوە باسـدەکەین، کـە مەبەسـتی لێکۆڵینەکەمانـە، ئەویـش ئەوەیـە، کـە خوێنـەر دەشـێت بـە هـۆی ئـەو بـە جـودا نووسـینەی ((پێشـبینی گەلێکـی ...)) وابزانێـت، کـە مەبەسـت لـە نووسراوەکـە، پێشـبینی یەکێـک لـە گەلەکانـە، کەچـی ڕاسـتییەکە ئەوەیـە، کـە مەبەسـتی وتراوەکـە و دواتـر نووسـینەکەی (پێشـبینیگەل )ە. واتـە ئەوکتێبـەی، کـە نووسـەر بینیویـە کۆمەڵێـک پێشـبینی تێدابـووە. دیـارە لـە زمانـی کوردیـدا دەکرێـت لـە بریـی (کۆمەڵـە پێشـبینی) بڵێیـن (پێشـبینیگەل)، کـە ئـەم بەکارهێنانـە لـە هەندێـک لـە گۆڤەرەکانـی زاری کرمانجیـی ناوەڕاسـتدا، بەکارهێنانـی زۆرن.

کەواتـە ئێمـە دەتوانیـن بـە بەسەریەکەوەنووسـینی ئـەو کەرەسـتە زمانییانـە، گرفتەکـە چارەسـەر بکەیـن، کەچـی لـە

١٠ ١٠- واتـە وشـەکە فۆنەتیکییانـە بـە سـێ برگـە دەدرکێنرێـت، بەمشـێوەیە: (کـێ + وس + تـان)ە، بـەڵام وشـەکە لـە بنەچـەدا دوو برگەیـە (کێـوس + تـان)ە. هـاوکات دەبێـت ئـەوەش بزانیـن ناتوانیـن بڵێیـن: (کێـو + س + تـان) واتـە بەمشـێوەیە بـە سـێ برگـە بدرکێنرێـت، کـە برگـەی دووهەمـی بزرۆکەیـەک لەگـەڵ نەبزوێنەکەدایـە، بێگومـان ئەمـە هەڵەیـە، چونکـە ئاخێـوەری کـورد وا دەرینابڕێـت.

بڵاوکراوەکـەی ئەکادیمیـای کـوردی ((ڕێنووسـی کـوردی بەپێـی بنەمـا زانسـتییەکانی ڕێنووسـی گشـتی)دا، گوتـراوە، کـە: ((هیـچ زمانێـک نییـە گیروگرفتـی ڕێنووسـی نەبێـت، هـەر هەوڵدانێکیـش بـۆ چارەسـەرکردنیان دەبێتـە هـۆی گیروگرفتـی تـری زمانەوانـی و نازمانەوانـی)). (ئەکادیمیـای کـوردی، ٢٠١٣: ١١) دکتـۆر عەبدولوهـاب خالیـد لـە کتێبەکەیـدا، ئاماژەیەکـی بـە بۆچوونێکی(دکتـۆر محەمـەد مەعـروف فەتـاح) داوە و وەک دەق نووسـیویە: ((دیـاری کردنـی....)) (ئەکادیمیـای کـوردی، ٢٠١٣: ١٨)، لێـرەدا، لەبـەر ڕۆشـنایی هەمـان ئـەو ڕوونکردنـەوەی پێشـووماندا، دەڵێیـن: (دیاریکـردن) لـە زمانـی کوردیـدا خـۆی چاوگـە، کەواتـە دەبێـت بەسـەریەکەوە بنووسرێـت، چونکـە بـە لێکدابڕانیـان، شـیمانەی هەڵەکـردن لـە ئـارادا دەبێـت لەبەرئـەوەی لـە کوردیـدا وشـەی (دیـاری) بـە تەنیـا واتـای (هدیـە) ی عەرەبـی هەیـە و پێوەنـدی بـە دەستنیشـانکردنەوە نییـە، کـە واتـای دەربڕینـی کێشـەکەیە، واتـە دەبـوو بەسـەریەکەوە، نـەک بـە جیـا بنووسرایـە.

هـەر بـە ئـەو چەشـنەش، دربڕاوێکـی وەک (عەزەرەتیـە لـەش)، کـە لـە شـیعرێکی حەمەسـاڵح دیـلان دا (هۆگـر مەحمـوود فـەرەج، ٢٠١٢: ١٨٨) هاتـووە، چونکـە نووسـینەکەی (لـەش) و (عەزرەتیـە) ی بـە لێکدابـڕاوی نووسـیووە. واتـە مـەودا کەتووەتـە نێوانیـان، دیـارە ئـەو مەودایـەش وا دەکات، کـە واتای وشـەی (عەزرەتی) بـۆ (لـەش) بگەڕێتەوە، کـە ڕاسـتییەکە وانییـە، بەڵکـو بەپێـی دەوروبـەر (سـیاق) ی شـیعرەکە، عەزرەتـی و لـەش، هەردووکیـان بـۆ ئـەو زنجیـر و پێوەندانـە دەگەڕێتـەوە، کـە لـە بەندیخانەکـەدان. واتـە لـە هۆنراوەکـەدا عەزرەتـی و لـەش، بوونەتـە یـەک کەرەسـتە لـە ڕسـتەدا، بۆیـە دەبێـت بەسـەریەکەوە بنووسرێـت و لـە خوێندنەوەشـدا دەبێـت فۆنەتیکیانـە یـەک کەڵەهێـز بـۆ (عەزرەتییەلـەش) هەبێـت، ئەوجـا واتـای دروسـتی شـیعرەکە دەگات، دەنـا بـەدەر لـەم خوێندنەوەیـە، ئـەوا مەبەسـتی شـیعرەکەی دیلان تێکدەچێـت. بـەو واتایـەی، دەبێـت کەڵەهێـز بخرێتـە سـەر بزوێنـی
[ ە - ٨ ] ی وشەی (لەش)، چونکە دوا بڕگەی دەربڕاوی (عەزرەتییە لەش)ە، کە چوارهەم بڕگە دەکات.

هـەروەک (کەمـال بـشر) دەڵێـت: پێـوەری فۆنۆلـۆژی لەسـەر دوو بنەمـا دامـەزراوە، یەکەمیـان وردبوونەوەیـە لـە ڕۆنـان و پێکهاتـە و چۆنییەتیـی ڕیزبوونـی بڕگـەکان، کەواتـە بـەزۆری لـە شـێوەی چەپـک یـان هێشـووە دەنـگ لـە ئاخاوتنـدا خۆیـان دەنوێنـن. دووهەمیـان ئـەو کـردارە لـە هـەر زمانێکـدا بـە جیـا ئەنجامبدرێـت، چونکـە هـەر زمانێـک سـیما و تایبەتمەندیـی جیـای خـۆی هەیـە، لـە لایەنـی بـە دواییەکداهاتنـی لـە ئـەو زنجیـرە دەنگانـەدا، لـە شـێوەی چەپـک بێـت یاخـود هێشـوو، یـان هـەر پێکهاتەیەکـی دەنگیـی تـر. (کەمـال بـشر، ٢٠٠٠: ٥٠٥) و (عەبدولوەهـاب خالیـد موسـا، ٢٠٠٩: ١٨- ١٩)

نموونەیەکـی تـری ئـەم بوونەکەرەسـتەیە لـە ڕسـتەدا، دەقێکـی بـە ئـەم شـێوەیە ڕەچـاو دەکەیـن، کـە دەڵێـت: (گرنگـی دان و ...) لێـرەدا خوێنـەر بـە هـۆی دابڕانـی (گرنگـی) لـە (دان) ەوە ، زۆر ئاسـایی دەبێـت، کـە بـە (گرنگیـی دان) تێبـگات، واتـە (ئەهمییەتـی ددان) نـەک (پـووک). خـۆ ئەگـەر بخرێتـە پاڵیـەک و بلکێنرێـن بەیەکـەوە، ئـەوا واتـای (ئەهمییەتپێـدان یـان بایەخپێـدان) دەگرێتـەوە، کـە لـە گرنگـی (ئەهمییـەت) جیـاوازە.

هێندێـک پێیانوایـە، کـە ئەگـەر (گرنگـی) و (دان) لـە نزیـک یەکـەوە بنووسرێـن و مـەودا لـە نێوانیانـدا نەبێـت، ئیـتر هەڵـە لـە واتایانـدا ڕوونـادات، بـەڵام ئێمـە پێمانوایـە، کـە دروسـت ئەوەیـە بـە یەکـەوە بلکێنرێـن، چونکـە بـە پێکـەوە لکانیـان، ئیـتر نـەک هەڵەکـردن لـە خوێندنەوەیانـدا ڕوونـادات، بەڵکـو تایبەتمەندیـی فۆنۆلۆژییانـەی بوونـە

کەرەسـتەییەکەش بـە ڕوونـی دەردەکەوێـت.
هـەر بـە ئـەو شـێوەیەش، گـەر لـە وشـەکانی (بەرهـەم) و (هێنـان) بڕوانیـن، ئـەوا کاتێـک کـە بـە دواییەکـدا بێـت، ئەگـەر مەبەسـت لـە هێنانـی بەرهـەم نەبێـت، بەڵکـو مەبەسـت لـە (بەرهەمهێنـان) بێـت، ئـەوا بەبـێ لکاندنیـان بەیەکـەوە، هەمـان هەڵـەی دەربڕاوەکانـی پێشـوو ڕوودەدات، چونکـە کەڵەهێـز لـە (بەرهەمهێنـان) دا لەسـەر بزوێنـی [ ا - æ ] ی دووا بڕگـە دەبێـت، بـەڵام لـە کاتـی جودایـی (بەرهـەم) دا، ئـەوا وشـەکە کەڵەهێـزی خـۆی دەبێـت، کـە لەسـەر بڕگـەی دووهەمـی دەبێـت، واتـە لەسـەر بزوێنـی [ ە - ʌ ] دەبێـت.

## ئەنجام

بەکارهێنانی فۆنەتیکییانەی وشە، گۆڕان لە پێکهاتەی دەنگی و هەندێک جار واتایی وشەشدا دەکات.
بەرجەسـتەکردنی ئەلۆفۆنـی دیـاری فۆنێمەکانـی وشـە، ڕۆڵـی بەرچـاوی لـە دەربڕینـی جیـاوازی خـودی وشـەکاندا هەیـە.
وشـە لێکـدراو و داڕێـژراوەکان، گۆڕانییـان بەپێـی زارەکانـی زمانـی کـوردی، دەشـێت جیاوازبـن، ئـەو جیاوازییانـەش وادەکات پێکهاتـە دەنگییـە گـۆڕاوەکان لەگـەڵ نەگۆڕاوەکانـدا، لـە ڕواڵەتـدا وەک دوو وشـەی جیـاواز، یـان وەک هاوواتـا لێکبدرێنـەوە.
هەندێـک لـە گۆڕانـە دەنگییەکانـی وشـەی لێکـدراو و داڕێـژراو، وا دەکەوێتـەوە، کـە وشـەی سـادە لـە زمانـدا سـازبکەن، لـە کاتێکـدا کـە لـە بنەچـەدا سـادە نەبوون.
لـە هەندێـک بـاردا، جۆشـخواردنی فۆنەتیکییانـەی دوو کەرەسـتەی زمانـی، لـە نـاو ڕسـتە و گوتـراودا، دەبنـە یـەک کەرەسـتەی ڕێزمانـی.
لەبـاری جۆشـخواردنی فۆنەتیکییانـەی دوو کەرەسـتەی زمانـی لـە ڕسـتە و گوتـراودا، واتـای دروسـتی مەبەسـتی گوتـراو دەگەێنـن، هـەر بۆیـە لـە نووسینیشـدا، ئەگـەر لـە یـەک بترازێنرێـت، ئـەوا هەلـی بـە هەڵـە خوێندنـەوە و بـە هەڵەدابـردن لـە واتـای گوتراوەکـەدا دروسـتدەکات.

## سەرچاوەکان


١- ئەکادیمیای کوردی(٢٠١٣)، ڕێنووسی کوردی بە پێی بنەما زانستییەکانی ڕێنووسی گشتی، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی ، ژمارە (٢٥٤)، چاپخانەی حاجی هاشم ، چاپی دووەم ، هەولێر.
٢- پ. د. ئەورەحمانی حاجی مارف(١٩٨٦)، نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی، لە چاپکراوەکانی ئەمینداریێتی گشتیی ڕۆشنبیری و لاوانی ناوچەی کوردستان، چاپخانەی عەلا.
٣- پلاتفۆڕمی دابڕان (٢٠١٧)، گۆڤاری دابڕان، ژمارە (٦)، مانگی مارس، ناوەندی ڕۆشنگەریی چاودێر، سلێمانی.
٤- پ. د. عەبدولوەهاب خالید موسا(٢٠٠٩)، هێز و ئاوازە لە دیالێکتی کوردیی ژووروودا، کوردستان، هەولێر.

٥- غازی فاتح وەیس (١٩٨٤) ، فۆنەتیك ، لە چاپکراوەکانی ئەمینداریێتی ی گشتی ڕۆشنبیری و لاوانی ناوچەی کوردستان.
٦- غازی عەلی خورشید(٢٠١٠)، فۆنەتیك و فۆنۆلۆجی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم ، کوردستان ، سلێمانی.
٧- دکتۆر کەمال بشر(٢٠٠٠)، علم الأصوات، دار غريب للطباعة والنشر والتوزيع، القاهرة.
٨- محەمەدئەمین هەورامانی(١٩٧٤)، فۆنەتیکی زمانی کوردی، (دار الجاحظ)، بەغداد.
٩- دکتۆر محەمەد عومەر عەول(٢٠٠١) دابەشبوونیکر داری لێکدراو لە ڕووی دارشتن و ئەرکەوە لە کرمانجی خوارووادا، نامەی ماستەر لە گۆڤاری کوردۆلۆجی، مەڵبەندی کوردۆلۆجی زانکۆی سلێمانی، ژمارە (٣) ساڵی ٢٠١٠ بڵاوکراوەتەوە.
١٠- پ. د. محەمەد مەعروف فەتاح(١٩٩٠)، زمانەوانی، کۆلیجی ئاداب، بەشی زمانی کوردی، (دار الحكمة للطباعة والنشر)، هەولێر.
١١- پ. د. هۆگر مەحموود فەرەج (٢٠١٢(، هێندێک لایەنی زمانی لە چەند شیعرێکی دیلاندا ،گۆڤاری زانکۆی سلێمانی B ، ژمارە (٣٤)، مانگی ئازار.
١٢- پ. د. هۆگر مەحموود فەرەج (٢٠٢١)، گۆڤاری زمان وزار، (گۆڤارێکی زمانناسیی وەرزییە) کۆمەڵگەی پەروەردەیی مارگرێت و ڕێکخراوی خانی بۆ لێکۆڵینەوەی هزری دەریدەکات، چاپخانەی تاران ، ژمارە (١).

## ملخص البحث

تتكون هـذه الدراسـة مـن خمسـة مباحـث، يتحـدث المبحـث الأول عـن الصوتيـمات (الفونيـمات) اللغويـة بصـورة عامـة ، كـما تتطـرق الـى بعـض الحـالات الصوتيـة فـى اللغـة الكورديـة. أمـا في المبحـث الثـاني فنتحـدث عـن دور سـقوط أو حـذف الأصـوات مـن الكلـمات في تعشـيق الأصـوات الأخـرى لتركيـب صيـغ جديـدة لتلـك الكلـمات. وفي المبحـث الثالـث نتحـدث عـن تأثـير تغيـير و سـقوط الأصـوات و دوره فـى تشـكيل الكلـمات البسـيطة مـن المركبـة. وفي المبحـث الرابـع نتكلـم عـن تغيـير و حـذف الأصـوات و دوره في تشـكيل الكلـمات البسـيطة مـن الأنشـائية. أمـا في المبحـث الخامـس والأخـير فنتحـدث عـن دور التلاحـم بـين الأدوات اللغويـة صوتيـا لتشـكيل وحـدة لغويـة مسـتقلة في الجمـل لفظـا و كتابـة. و في الخاتمـة بيننـا النتائـج فـى بعـض النقـاط، مـن ثـم قدمنـا قائمـة المصـادر، بعدهـا قدمـت خلاصـة البحـث باللغتـين العربيـة و الأنجليزيـة.

## Abstract

This paper consists five sections. The first section provides a general preview of language phonemes and some phonological conditions, it also deals with some phonemic cases in Kurdish language. As far as the second section is concerned, the elision and change of these sounds and their roles in phonemic assimilation and formation of new words are stated. The third section clarifies the influences of changing and elision of some sounds and their roles in the formation of simple words out of compound words. Similarly, section four explains the change and elision of sounds and their roles in forming simple words out of complex words. Finally, the role of assimilation of linguistic items in implying intended meaning in both speaking and writing is discussed. Consequently, a list of conclusions, resources, and abstracts in both English and Arabic are provided.